جامی عەرەب.. مەغریب بە بردنەوە لە ئوردن بووە پاڵەوان

لە جامی عەرەب هەبژاردەی مەغریب بە سێ گۆڵ بەرامبەر بە دوو گۆڵ لە ئوردنی بردەوە و بووە پاڵەوان.

لە یاریی کۆتایی جامی عەرەب، هەبژاردەکانی مەغریب و ئوردن لە یاریگای لوسەیل و لە دەوڵەتی پایتەختی قەتەر ڕووبەرووی یەکتر بوونەوە.

تایمی یەکەم، یاریەکە بە بەهێزی دەستپێکرد، لە خولەکی چوار یاریزان ئوسامە تاناتا، لە نەوەراستی یاریگاوە بە لێدانێکی بەهێز گۆڵی یەکەمی مەغریبی تۆمارکرد، نیوەی یەکەمیش بەو تاکە گۆڵە کۆتاییهات.

لە تایمی دووەم، ئوردن هاتنە کێشی یاریەکە و لە خولەکەکانی 48 و 68 دووگۆڵیان لە ڕێگەی عەلی عەلوان تۆمارکرد و ئەنجامەکەیان پێچەوانە کردەوە، بەڵام مەغریب لە هەوڵەکانی نەوەستا و لە خولەکی 87 حەمدەڵا گۆڵی یەکسانبوونی مەغریبی هێنایە بەرهەم.

کاتی ئاسایی یاریيەکە بە یەکسانبوون بە دوو گۆڵ کۆتایيهات، بە یەکلاکردنەوەی ئەنجامەکە ناوبژیوان پێنایبردە بەر دوو تایمی زیادکراو.

لە تایمی یەکەمی زیادکراو و بە دیارییکراوی لە خولەکی 100 حەمدەڵا گۆڵی دووەمی خۆی و سێیەمی هەبژاردەکەی نوسیيەوە، تا کۆتایيش ئەنجامەکە بەو شێوەيە مایەوە.

سەرئنجام یاریيەکە بە سێ گۆڵ بەرامبەر بە دوو گۆڵ لە سودی مەغریب کۆتایيهات، بەم ئەنجامە مەغریب بە دووەم جار لە مژوویدا نازناوەکەی بەدەستهێنا.